# صعوبات تطبيق استراتيجية التدريس الجديدة للجغرافيا في المدارس الابتدائية المركزية بمحافظة السليمانية من وجهة نظر مدراء المدارس

**م. د.مريم محمد روستم**
اختصاص: طرق تدريس العلوم الاجتماعية / الجغرافيا
أستاذ– جامعة السليمانية، كلية التربية الأساسية، قسم العلوم الاجتماعية

البريد الإلكتروني Email : Mryam.rostam@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** صعوبات، استراتيجيات التدريس الجديدة ، المديرين.

**كيفية اقتباس البحث**

روستم ، مريم محمد ، صعوبات تطبيق استراتيجية التدريس الجديدة للجغرافيا في المدارس الابتدائية المركزية بمحافظة السليمانية من وجهة نظر مدراء المدارس ، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، نيسان ٢٠٢٥،المجلد:١٥ ،العدد:٣ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# Difficulties in implementing the new teaching strategy for geography in central primary schools in Sulaymaniyah Governorate from the point of view of the school principals

**Mryam Mohammed Rostam**
Specialization: Methods of teaching social sciences/geography
Professor - Sulaymaniyah University, College of Basic Education, Department of Social Sciences

**Keywords** : Difficulties, new teaching strategies, managers.

**How To Cite This Article**
Rostam, Mryam Mohammed, Difficulties in implementing the new teaching strategy for geography in central primary schools in Sulaymaniyah Governorate from the point of view of the school principals, Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, April 2025,Volume:15,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:** The main objective of this study is **"The Challenges of Implementing the New Teaching Strategy of Geography in Primary Schools in Sulaimaniyah Governorate from the Perspective of School Principals"** ،**the research method** used in the descriptive method is descriptive. The research population of this study consists of the principals of the Central Education Administration of Sulaimaniyah Governorate in western education ،in terms of male and female ،there are a total of 249 principals in Western education ،so the research sample was selected.In the study population, a simple random selection of male and female principals of Western education schools was selected. The research tool developed based on previous studies selected and restructured the sections in a way that included four main themes (new geography teaching strategies, including teachers and students). The reading program and selecting the paragraphs for each topic that is reasonably feasible will include a total of 40 paragraphs.

The validity of the tool was found by providing a number of experts in the fields of teaching methods ،measurement and evaluation ،and geography specialists ،giving time to review the content of the paragraphs and removing and paraphrasing each item that suggests change in the opinion of the majority.

The research tool was found to be stable in the form of a re-experiment ، i.e. a sample was selected from the population except for the research sample. The researcher used the re-test method which is considered the most suitable for extracting the research tool. The first week of the experiment collected the survey and produced the results ،after a period of 15 days from the first test ،the tool was repeated for the second time and distributed to the same sample after the experiment was performed. The results were collected ،using the Pearson coefficient ،with a 95% rate that the tool is considered suitable for the implementation of the research. To achieve the objectives of the research ،some statistical equations such as the appropriate mean ،Pearson equation and percentage weight ،then it was found that the teacher's lack of experience in the steps of using the new teaching strategy was generally incomplete ،so a set of recommendations and suggestions was made in the study.

**ملخص البحث:**

الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو "تحديات تطبيق استراتيجية التدريس الجديدة للجغرافيا في المدارس الابتدائية المركزية بمحافظة السليمانية من وجهة نظر مديري المدارس"، وهو طريقة البحث المستخدمة في المنهج الوصفي. يتكون مجتمع هذه الدراسة من مديري الإدارة المركزية للتربية والتعليم بمحافظة السليمانية في التعليم الغربي، في الجنسين والذكور والإناث العدد الإجمالي ٢٤٩ مديرا في التعليم الغربي، لذلك تم اختيار عينة البحث.في مجتمع البحث ، الذي تم اختياره عن طريق أخذ عينات عشوائية بسيطة من ٥٠ مديرا ومديرا لمدارس التعليم الغربي ، تم اختيار أداة البحث بناء على القراءات والبحوث السابقة ، واختيار العناصر وإعادة هيكلتها بطريقة تضمنت أربعة محاور رئيسية (استراتيجيات تدريس الجغرافيا الجديدة ، بما في ذلك المعلمين والطلاب). برامج القراءة. تم العثور على صحة الأداة من خلال توفير عدد من الخبراء في مجالات طرق التدريس والقياس والتقويم والمتخصصين في الجغرافيا وإعطاء الوقت لمراجعة محتوى الفقرات وإزالة وإعادة صياغة كل بند يوحي بالتغيير في رأي الأغلبية. وجد أن أداة البحث مستقرة في شكل إعادة التجربة ، أي تم اختيار عينة من السكان باستثناء عينة البحث. استخدم الباحث طريقة إعادة الاختبار التي تعتبر الأنسب لاستخراج أداة البحث. في الأسبوع الأول من التجربة تم جمع المسح وإنتاج النتائج ، بعد فترة ١٥ يوما من الاختبار الأول ، تم

تكرار الأداة للمرة الثانية وتوزيعها على نفس العينة بعد إجراء التجربة. تم جمع النتائج باستخدام معامل بيرسون بنسبة ٩٥٪ أن الأداة تعتبر مناسبة لتنفيذ البحث. لتحقيق أهداف البحث بعض المعادلات الإحصائية مثل المعدل المناسب ومعادلة بيرسون والنسبة المئوية للوزن، ثم تبين أن قلة خبرة المعلم في خطوات استخدام استراتيجية التدريس الجديدة كانت غير مكتملة بشكل عام، لذلك تم تقديم مجموعة من التوصيات والمقترحات في الدراسة.

## ئاستەنگیەکانی جێ بەجێکردنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی بابەتی جوگرافیا لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمایی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەکانەوە

**م. د.مریم محمد ڕوستم**
**پسپۆری: ڕێگەکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتیەکان/جوگرافیا**
**مامۆستا -زانکۆیی سلێمانی -کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان**

**پوختەی توێژینەوەکە:**
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە" **ئاستەنگیەکانی جێ بەجێکردنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی بابەتی جوگرافیا لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمایی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەکانەوە** "،ڕێبازی بەکارهاتووی توێژینەوەکە لە شێوازی وەسفی ،کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەڕێوبەرەکانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای سلێمانی لەپەروەردەی ڕۆژئاوا ،لەڕەگەزی(نێر ومێ)،بەگشتی ژمارەیان (٢٤٩)بەڕێوبەرەلەپەروەردەی ڕۆژئاوا ،بۆیە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەلەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە دیاری کراوە ، بە شێوەی هەرەمەکی سادە لە جۆری (قورعە )هەڵبژێراوە لەڕەگەزی نێرومێ کە (٥٠)بەڕێوبەرەلە ڕەگەزی(نێر ومێ) خوێندنگەکانی پەروەردەی ڕۆژئاوای دیاریکرد، ئامرازی توێژینەوەکە ئامادەکراوە پشت بەستن بەخوێندنەوەو توێژینەوەکانی پێشوو هەڵبژاردن وداڕشتنی بڕگەکان ودووبارە داڕشتنەوەیان بەشێوەیەک دیاریکردلە جۆری ئامرازی (ڕاپرسی کراوە)، کەچوار تەوەرسەرەکی لەخۆدەگرێت وەک (ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی جوگرافیا، بەمامۆستاو،قوتابیانەوە). بەپرۆگرامی خوێندنەوە)وەدیاریکردنی بڕگەکان بۆهەرتەوەرێک کەبەشێوەیەکی گونجاوکەتوانای جێ بەجێکردنی هەبێت بە گشتی (٤٠)بڕگەیە لە خۆدەگریت ،ڕاستگۆی ئامرازەکە دۆزرایەوە بەخستنەبەردەستی ژمارەیەک پسپۆری شارەزا لە بوارەکانی (ڕێگەکانی وانەوتنەوە ،پێوانەو هەڵسەنگاندن ،پسپۆری جوگرافیا)پێدانی ماوەبۆ پێدان بۆپێداچوونەوە بەناوەڕۆکی بڕگەکان ولابردن وداڕشتنەوەی هەربڕگەیەک کەپێشنیاری

گۆرانکاری دەکەن بەبۆچوونی زۆرینەیان،دوای کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوونەکان و،دەرهێنانی ڕێژەی گونجاوی هەرپرگەیەک کەشیاوی جێ بەجێکردنی بێت بەشێوەی گشتی بە ڕێژەی (٨٧%) دەرچووەکە بە پەسەند بۆئەنجامدانی توێژینەوەکە دادەنرێت، دۆزینەوەی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە دۆزرایەوە بەشێوەی دووبارە تاقیکردنەوە واتە نموونەیەک هەڵبژێراوەلەکۆمەڵگەکە بەدەرلەنموونەی توێژینەوەکە توێژەربە شێوازی دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا بەگونجاوترین دادەنرێت بۆدەرهێنانی ئامرازی توێژینەوەکەکە هەفتەی یەکەم تاقیکردنەوەی ئەنجام داوراپرسیەکەی کۆکردەوەوئەنجامەکەی دەرهێنا، لە پاش بوونی ماوەی (١٥) ڕۆژ ئەنجامدانەوەی یەکەم جار، ئامرازەکە دووبارەکرایەوە بۆ دووەم جاردابەشیکردەوە بەسەر هەمان نموونەداپاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە دەرهێنراو ئەنجامەکان کۆکرانەوە،بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پێرسۆن ، بەڕێژەی (٩٥%)بوو کە ئامرازەکەبە گونجاو دادەنرێت بۆجێ بەجێکردنی توێژینەوەکە،بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە هەندێک هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراوەک (ناوەندی شیاو،هاوکێشەی پێرسۆن،کێشی سەدی) ،پاشان لەئەنجامدا دەرکەوت بەگشتی کەم ئەزموونی مامۆستا لەهەنگاوەکانی بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ بۆیەکۆمەڵێک ڕاسپاردەوپێشنیارکۆتایی بەتوێژینەوەکە هات.

## بەشی یەکەم:

### ١.١.کێشەی توێژینەوەکە:

پەروەردە دامەزراوەیەکی پێشکەوتووە کە هەموو وڵاتان بەدوای بەدەستهێنانی باشترین ئامرازی پێشکەوتنی دەگەڕێن بۆ کۆمەڵگەودابینکردنی پێداویستییەکانی لە پێناو بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستە و کاریگەری بۆئەومەبەستەش خوێندنگە بەشێکە لە کۆمەڵگە کەدامەزراوەیەکی پەروەردەی یە کە پرۆسەی پەروەردەی پێ سپێردراوە بۆیە کۆمەڵگا چاوەڕێی ئەوە دەکات کەتاکێکی بەرهەم هێن دابمەزرێت،لەچوارچێوەی ئامانجەکاندا بێتەدی بەباشتری ئامرازوپلانی داڕێژراو. (محمد،٢٠٠٠:ل٢١٣)، بەم پێیە، پرۆسەی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ کاریگەر بەردەوامی هەیە لەسەر بنەمایی خوێندنگەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو ڕێکخراوەکاندا و چالاکییەکانیدا لە دوایین سەردەمی سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆیەوە و جێبەجێکرا لە ناوەندە پەروەردەیەکاندا کە ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگەکانی قورس ترکردووە لەگەڵ سروشتی سەردەم بگونجێ ، و پێداویستییەکانی پەرە بسەنێت کەبەدوای باشترین ستراتیجی وانەوتنەوە بگەڕێت تاکولەگەڵ ئاستی زانستی قوتانیان ومامۆستایان دا بگونجێت ،وە ئامانجی پەروەردە تەنها پاراستنی فەرمان و بەڕێوەبردنی ڕۆتینی خوێندنگەنیە بە پێی خشتە و سنووردارکردنی ئامادە بوونو ئامادە نە بوونی قوتابیان بە ڵام کارە کە بووە بە دابینکردنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ

هەموو مەرج و ئەگەرەکان دابین دەکات کە یارمەتی دەدات بۆ ڕێنمایی گەشەکردنی دەروونی و جەستەیی کۆمەڵایەتی مامۆستاوقوتابیان داڕشتنی باشترین پرۆگرامەکان (الاغا،٢٠٠٧،ل٣٢) هەروەها پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کۆمەلایەتییەکان کە ستراتیجی وانەوتنەوە یەکێکەلە ئاستەنگیە گەورەکان لەدابینکردنی ئامێروئامڕازو کەسانی پسپۆرو ژینگەی گونجاوبۆ داهاتوو دابین بکات،بۆیەچەندن توێژینەوە لەوبارەیەوەکراوە وەک (لطیف،٢٠٢٠ )، بە پێداچوونە وە بە ڕاستیی ستراتیجی وانەوتنەوەی لە خوێندنگەبنەڕەتیەکاندا بەتایبەت لەڕوانگەی بەڕێوەبەرە وەلە نێوان پۆستە کارگێڕییە جیاوازەکاندا گواستوونەتەوە و ئەندامێتی لە لیژنە ی دابینکردنی ستراتیژی وانەوتنەوەی نوێ،بۆیە لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا بە ڕادە ی پێویستی توێژەر خوێندن وە ی کرد بۆ بابەتەکە کردکە توێژینەوەیەک نەکراوەبۆیە ئەم پرسیارەی لادروست بووە.

ئاستەنگیەکانی جێ بەجێکردنی  ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی بابەتی جوگرافیا لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمایی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەکانەوە؟

**١.٢.گرنگی توێژینەوەکە:** پێدەچێت گرنگی هەبێت بۆ هەندێك شوێن و مەبەستی زانستی وەك:

١-سوودی لێوەردەگیرێت بۆ بەڕێوەبەری خوێندنگەکە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی.

٢ -سەرچاوەیەکی زانستیە بۆ کتێبخانە بە زمانی کوردیە.

٣-دەکرێت سوودی هەبێت بۆ لایەنی پەیوەندی داری وەزارەتی پەروەردە .

٤-تیشک خستنە سەر گەشەپیدانی سترایجی وانەوتنەوەی نوێ بابەتی جوگرافیا.

**١.٣ .ئامانجی توێژینەوەکە:**  ئامانجی توێژینەوەکە بەم شێوەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

١.٣ .١. ئاستەنگیەکانی جێ بەجێکردنی  ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی بابەتی جوگرافیا لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمایی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەکانە وە ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە ستراتیجی وانەوتنەوەی نوی؟

١.٣ .٢. ئاستەنگیەکانی جێ بەجێکردنی  ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی بابەتی جوگرافیا لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمایی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەکانەوە
 ئاستەنگیەکانی پەیوەست بەمامۆستاوە؟

 ١.٣ .٣. ئاستەنگیەکانی جێ بەجێکردنی  ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی بابەتی جوگرافیا لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمایی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەکانەوە
ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە قوتابیانەوە؟

١.٣ .٤. ئاستەنگیەکانی جێ بەجێکردنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی بابەتی جوگرافیا لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمایی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەکانەوە
ئاستەنگیەکانی پەیوەست بەپڕۆگرامی خوێندنەوە؟

**٤.١. سنوری توێژینەوەکە:**

١-مرۆیی/ بەڕێوبەرەکانی پەروەردەی ڕۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.
٢- شوێن/ بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.
٣- بابەت/ ئاستەنگیەکانی جێ بەجێکردنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی بابەتی جوگرافیا لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمایی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەکانەوە
٤- کات/سالأنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

**٥.١ . پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:** زاراوەکان بە پێی توێینەوەکە بەم شێوەی خوارەوە یە:

**١.١.٥.ئاستەنگی:** (مراد،٢٠٢٠)پێناسەی دەکات دەڵیت گرفتێکە کە ڕێگرە لە تاک لە بەدەستهێنانی شتێک یان ئێستائەو شتانەی کە پێتەدی.(مراد،٢٠٢٠:ل٤٣)

(معیشی.٢٠١٣)دەڵێت هەر کۆسپ و تەگەرە یان بارودۆخێکە کە کاریگەری لەسەر تاک هەیە و بڕیارەکانی خۆی و پێویستی بەهاوکاری هەیە لەگەڵیاندا بۆ زاڵبوون بەسەریاندا یان حاڵەتێکە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و سترێس و ناهاوسەنگی مەعریفی و سۆزداری.(معیشی،٢٠١٣:ل٩٩٩)

**پێناسەی تیۆری ئاستەنگی:**هەموو ئەوئاستەنگیانەیە کەڕێگرن لە جێ بەجێکردنی پلانی ستراتیجی.

**پێناسەی ڕێکاری ئاستەنگی:** ئاستەنگیەکان بە ڕوونی بە هەموو ئەو گرفت و گرفتانە پێناسە دەکرێن کەڕێگرن لەبەدیهێنانی پلانی ستراتیجی بۆباشترکردنی یەکە کارگێڕییەکانی خوێندنگەکاندا.

**٢.١.٥. ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ:**

( الحريری،٢٠٠٧)پێناسەی دەکات وەک پلانێکی ڕێنیشاندەرە کە پێشبینی داهاتووی و گونجاوی پەروەردەیی وئامادەکاری دەکات بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەیان لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەگەرە بەردەست و چاوەڕوانکراوەکان و داڕشتنی ڕەگەزەکانی وانەکە. (الحريری،٢٣:٢٠٠٧)

.(امبوسعیدی،٢٠١٢ )دەڵێت ستراتیجی وانەوتنەوە بریتییە لە پرۆسەیەکی کردارییەبۆ پەرەپێدانی خوێندنگەکان لەڕێگەی ئەو گۆرانکارییە ژینگەی دەرەکی و ناوخۆیەوەدروست دەبێت کاریگەری هەیەلەسەرتاکاکان.دەست نیشانکردنی خالی لاوازی وتێروانینی چارەسەربۆداهاتوو.
(امبوسعیدی،٢٠١٢:ل٢٠).

**پێناسەی تێۆری ستراتیجی:** وەک " واتا پڕیاردان سـەبارەت بە ئەرکـی وانەوتـنە و داڕشـتنی و دیـاریکردنی ئامانجەکـان و ڕێـڕەوی بنەڕەتـی بـۆ جێبەجێکردنـی ئامانجەکـانی بەکاردەهێنرێـت کە شـێواز و ڕێگەکـان دیـاری دەکات و لەئەوانی تر جیای دەکاتەوە.

**پێناسـەی ڕێکـاری سـتراتیجی:** پلانێکـی ڕێکخـراو لەلایەن مامۆسـتاوەبۆبابەتی جوگرافیـا دایـی دەنێـت پەیوەسـت بە بابەتەکـانی خوێنـدن جیـاکردنەوەی لەشـێوازی تەقلیـدی جێبەجێکردنـی ئەم پڕیارانە و بەدواداچوونی بەپێـی ئامرازوکەرەسـتەی فێرکـاری و وەرگـرتن لەتواناکـانی بۆخستنەڕووی بابەتەکە.

**٣٠١.٥ بەڕێوبەر:** پێناسـەی (المحامـدی،٢٠٠٦)بـریتیەلە کەسـایەتییەکی بەتوانـا بۆپڕیـاردان لەسـەر تاکەکـان . (المحامدی ،٢٠٠٦:ل٤٠).

بەڵام(محمـد،٢٠١٤)پێـی وایە بـە ڕێـوە بەری خوێنـدنگە کـە وە ک یـە کەم کەسایەتییەبۆ

دابینکردنـی ژینگـە ی خوێنـدنی گونجـاوی تێیـدا و سـە رپـە رشـتیاری هـە میشە یی بۆ دڵنیابوون لە سە لامە تی بە رە وپێشچوونی پرۆسە ی پە روە ردە و ئاراستە کردنیان و هە ڵسە نگاندنیان.

(محمد،٢٠١٤:ل٤٣)

**پێناسـەی تیـۆری بەڕێـوبەر** : توێژەرپشـت بە پێناسـەی تێـۆری (المحامدی،٢٠٠٦)دەبەستسیت کە

بریتیەلە کەسـایەتییەکی بەتوانا بۆپڕیـاردان لەسـەر تاکەکـان .(المحامـدی، ٢٠٠٦:ل٤٠)

**پێناسـەی ڕێکـاری بەڕێـوبەر:** سـەرکردایەتیکردنێکی بەتوانـای خوێنـدنگەبنەڕەتییەکانە لەهەر دوو بەڕێـوبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژئـاوا لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکاندا.

**بەشی دووەم:**

**١.٢ . چێوەی تێۆریی**

**٢٠١٠١ ستراتیجی وانەوتنەوی نوێ جوگرافیا:**

ستراتیژی وانەوتنەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە لە جیهاندا بەهۆی ئەوەی تێگەیشتن لەوەی کە پێویستە لە ماوەکانی داهاتوودا بەدەسـت بهێنرێـت، چ بـۆ تـاک و خێـزان و چ بـۆ کۆمەڵگـا ولاتـانی پێشـکەوتوو هەوڵ دەدەن هەنگاوەکانیان بۆ داهاتوو بنێن بەباشـترین پـلان دابنێن بۆچارەسـەرکردنی کێشـەکانیان بـۆ تێگەیشـتنی سـتراتیجیەنوییەکان و چـی هەڵدەبژێرێت،بەشـداریکردنی چالاکـانەی قوتابیـان. لەبەدەسـهێنانی زانیارییەنوێیەکاندا،وەهانـدانی مامۆسـتایان دەدات بەوپەڕی بەرپرسـیارانە لە خسـتنەڕووی زانیـارییە جیاوازەکانـدا بەژیـنگەی گونجاوچـالاکی ئەرێنیەوە.(السالم٢٠٠٠،م، ص٤٧)

**٢٠١٠٢ هەنگاوی ستراتیجی وانەوتنەوی نوێ جوگرافیا:**

١-هەڵبژاردنەکانی ئامانجەکان ودیاریکردنی بابەتی جوگرافیا.

٢-دیاریکردنی شێوازە کردارییەکانی وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا. (حسين ٢٠١٢، ٨٧ :ل)

٣-ڕوونکردنەوەی پلانی تیۆری وجێ بەجێکردنی ستراتیجیەکانی وانەوتنەوە .

٤-دیاریکردنی ستراتیجیەکانی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا.(عبدالعزيز ٢٠١٥: ٣٢ل)

**٠٣٠١٠٢ ئاستەنگی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا:**

**٢.٠١٠٣٠١ ئاستەنگی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوی:** ئەم شێوازە لەبەر چەند هۆکارێک :

-نەبوونی پلاندانانی ستراتیجی نوێ وانەوتنەوە کە گونجاوبێت بۆهەموومامۆستایان .

-نەبوونی ژینگەی پێویست وگونجاوبۆ خستنەڕووی ستراتیجی وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا.

-کەمی هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ جۆرەکانی ستراتیجی وانەوتنەوەوهەڵبژاردنی شێوازی نوێ.

**٢.٠٢٠٣٠١ ئاستەنگی ستراتیجی وانەوتنەوە تایبەت مامۆستا:**

ئەم شێوازە لەبەر چەند هۆکارێک :

-لاوازی ئاستی زانستی هەندێک لە مامۆستایان تایبەت بەستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا.

-زۆری بەشەوانەی مامۆستایان لەهەفتەیەک.

-کەمی کاتی پێویستی مامۆستا سەبارەت بە هەڵبژاردن وبەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوە.

-نەبوونی خولی ڕاهێنانی مامۆستایان سەبارەت بە بەکارهێنانی ستراتیجیە نوێیەکانی جوگرافیا.

**٢.٠٣٠٣٠١ ئاستەنگی ستراتیجی وانەوتنەوە تایبەت قوتابیان:**

لەبەر چەند هۆکارێک .

- کەمی پاڵنەری خوێندکاران لەم قۆناغەدا ئەستەمە. (العارف،٢٠١٠:ل٣٢).

- قەرەباڵغی قوتابیان لەناو پۆلدا کێشە بۆ وەرگرتنی ستراتیجی بابەتی جوگرافیادروست دەکات .

- جێبەجێکردنی نەکردنی پلانی چاکسازی سترایجی بۆ قوتابیان لەم قۆناغەدا سەختە.

**٢.٠٤٠٣٠١ ئاستەنگی ستراتیجی وانەوتنەوەی تایبەت پرۆگرامی خوێندن:** لەبەر چەند هۆکارێک .

-نەگونجاندنی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن لەگەڵ تواناو ئاستی قوتابیاندا.

-ناوەڕۆکی بابەتەکە بەشێوەیەک لەگەڵ پلاندانانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ دا دانەڕێژراوە .

-نەبوونی چالاکی جۆراوجۆر لەسەر ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا لەناوەڕۆکی بابەتەکاندا.

-زۆری وبەربڵاوی بابەتەکان دەبێتەهۆی نەبوونی کات بۆستراتیجی وانەوتنەوە. (غنیم، ٢٠٠١:٢٤)

**٢٠٢.توێژینەوەکانی پێشوو:** توێژینەوەکانی پێشووبەم شێوەی خوارەوە خراونەتەروو:

خشتەی ژمارە (٢- ١ ) توێژینەوەکانی پێشوو

| ناوی باپیر | ساڵ شوێن | کۆمەڵگە نموونە | ئامرازی توێژینەوە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| **١- ئاستەنگی لە جێبەجێکردنی ستراتیجیەکانی وانەوتنەوە لەبەر رۆشنایی نزیکی لە لێهاتوییەکان لە روانگەی سەرپەرشتیاری کۆتایی پیشەیی.** | | | | |
| هدارسلم مصطفى | ٢٠٢٣ جەزاير | ٢٠٠ ٧١ | راپرسی ئاستەنگیەکان | رادەی ئاستەنگی لەجێبەجێکردنی ستراتیجیەکانی وانەوتنەوە لەبەر رۆشنایی نزیکبوونەوە لێهاتوییەکان دەگەڕێنەوە بۆ گروپی ئەزموونی پیشەیی، کاریگەرتربووە لەگروپی کۆنترۆڵکراو. |
| **٢ ئەو ئاستەنگیانەی رووبەرووی مامۆستایانی جوگرافیا دەبنەوە لە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ لە قۆناغی ئامادەی** | | | | |
| لطيف عامرمغير | ٢٠٢٠ هەولێر | ٥٨١ ٩٩ | راپرسی ئاستەنگیەکان | ئامرازەکە لە رووی ئامارییەوە گرنگە بۆبەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی بابەتەکە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش تایبەت بە مامۆستایان وقوتابیان وپرۆگرامەکانی فێرکاری.. |
| **٣- ئاستەنگیەکانی بەردەم بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ کە رووبەرووی مامۆستایانی ئابووری ناوماڵ دەبنەوە لە قۆناغەکەدا خوێندنگەی ناوەندی لە روانگە ی مامۆستایانی ناوچە ی الجوف.** | | | | |
| الشراری آشواق صالح ، وشاخ هاني عبدالله | ٢٠١٦ الاردن | | راپرسی پلانی ستراتیجی | سەختی دیاریکردنی ستراتیجی گونجاوی نوێ بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامەکانی فێربوون و قورسی بەستنەوەی ستراتیجی نوێ بۆگروپی ئەزموونی بە ژیانی خوێندکارە کچەکانەوە هەیە لە بواری "بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ. |

**٢.٣.سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

١-سوود بینین لە رووی دارشتنی کێشەکە بەشێوەیەکی لۆجیکی پلانی ستراتیجی.

٢- پلانی ستراتیجی بۆدارشتنی راپرسی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی تەوەری ئامادەکراو.

٣-سوود وەرگرتن لەرووی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان

٤-بۆدۆزینەوەی ڕاستی ونەگۆری توێژینەوەکە.

**بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

**١.٣. ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم بەشەدا وەسفی شیکارییە هەریەکە لە کۆمەڵگە،نموونە،ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ،دڵنیابوون لە ڕاستی ونەگۆری بەجێهێنانی بەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

**٢.٣. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە بەڕێوبەرەکانی پەروەردەی ڕۆژئاوا،بەگشتی ژمارەیان (٢٤٩)بەڕێوبەرە، لەوژمارەیە (١٨٢) نێرو(٦٧)مێ دابەشکراون بەسەر(٢٤٩)خوێندنگەی بنەرەتی لەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا، هەروەک لەخشتەی ژمارەی(٣-١)داخراوەتەڕوو.

خشتەی (٣-١)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەزوخوێندنگەکانی بەڕێوبەرەکانی پەروەردەی ڕۆژئاوا

| بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی | ژمارەی بەڕێوبەرەکان | | | ژمارەی خوێندنگەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | | کوران | کچان | تێکەڵاو |
| ڕۆژئاوا | ١٨٢ | ٦٧ | | / | / | ٢٤٩ |
| کۆی گشتی | ٢٤٩ | | | ٢٤٩ | | |

**٣.٣.نموونەی توێژینەوەکە :** جۆری نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی (هەڕەمەکی سادە) بە ڕێگەی (قورعە) هەڵبژێردرا،بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرومێ کە(٥٠)بەڕێوبەرەلە(٥٠)خوێندنگە لەو ژمارەیە(٣٥)نێرو(١٥)مێ دابەشکراون بەسەر (٥٠)خوێندنگە ی بنەرەتی لەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی،هەروەک لەخشتەی ژمارە (٣-٢)دا هاتووە.

خشتەی(٣-٢)

نموونەی توێژینەوەکەبەپێی ڕەگەزوجۆری ژمارەی خوێندنگە بنەرەتیەکانی پەروەردەی ڕۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی

| بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی | ژمارەی بەڕێوبەرەکان | | | ژمارەی خوێندنگەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | | کوران | کچان | تێکەڵاو |
| ڕۆژئاوا | ٣٥ | ١٥ | | / | / | ٥٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | | | ٥٠ | | |

**٤.٣. ئامرازی توێژینەوەکە:**

توێژەرلـە ڕێگـەی خوێندنـەوەی سـەرچاوەکانەوەو سـوودوەرگرتن لە توێژینەوەی(الشـاعیر،٢٠٠٧) هەسـتا بـە ئامـادەکردنی ڕاپرسـییەک کـە لەگەڵ سروشـتی توێژینەوەکـەدا بگونجێت ، لەچوارتەوەرە: ١-بڕگەکـانی ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ .(١٠)بڕگە.

٢- بڕگەکـانی ئاسـتەنگیەکانی پەیوەسـت بە پەیوەسـت بەمامۆستاوە.(١٠)بڕگە.

٣- بڕگەکـانی ئاسـتەنگیەکانی پەیوەسـت بە پەیوەسـت بە قوتابیانەوە.(١٠)بڕگە.

٤- بڕگەکـانی ئاسـتەنگیەکانی پەیوەسـت بە بەپرۆگرامـی خوێندنەوە.(١٠)بڕگە.

کـۆی گشـتی(٤٠)بڕگـەیە،وەڕەهەنـدەکانی وەڵامـدانەوە سـێ ڕەهەنـدە وەک (بەڵـێ ،تـاڕادەیەک، نەخێـر) بـۆهەڵبژاردنی وەڵامەکـانی بڕگەکـان توێژینەوەکە ئامادەکراوە.

**٣.٥. ڕاستێتی ئامرازەکە:**

تـوێژەر ئـامرازی ئامـادەکراوی خسـتە بەردەسـتی ژمارەیـەك پسـپۆری شـارەزا کـە ژمارەیـان (١١) پسـپۆر لـە بـوارە جیاوازەکـانی ( ڕێگـەکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن، پسپۆری جوگرافیا، ، بـۆ وەر گرتنـی ڕو بۆچوونیـان دەربـارەی ئـامرازی ئامـادەکراو کـە بـە پلـەی (بەڵێ،تـاڕادەیەک،نەخێر) کـە پێکهـاتووە لـە (٤) تـەوەری سـەرەکی و(٤٠)بڕگە،لە ڕووی گونجاوی ووردی و دروستی و زیادکردن یاخود لابردن یـان گۆرانکـاری کـردن بـۆ هـەر یـەکێکیان پێشـنیار دەکـەن ڕاو بۆچوونیـانی وەرگرت سـەبارەت بـە پێـدانی ئاسـتی نوانـدنی ،پاش کۆکردنـەوەی ڕاوبـۆ چوونیان و لەلایـەن تـوێژەرەوە دەسـکرا بـە شـیکردنەوەی بـە شـیوەیـەکی پەسـەند کراو مانەوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە،کە بریتیە لە چوار تەوەری سـەرەکی و (٤٠)بڕگە.

**٦.٣. نەگۆری ئامرازەکـە:** بـۆ دەرهێنـانی نـەگۆری توێژینەوەکـە شـێوازی دووبـارە جێبـەجێکردنی ئامرازەکـە جـێ بـەجێکرا بەسـەر (٥)بەڕێـوبەر کۆمەڵگەی توێژینەوە بۆماوەی (١٥)ڕۆژ ئامرازەکە جێ بەجێکرایەوە بەسـەر هـەمان نموونـەی پێشـووی توێژینەوەکـە واتـا هـەمان وەڵام لـە دووبـارە بوونەوەی دووەم دا. ڕێژەی نەگۆری لە نێوان جێبەجێکردنی(یەکە م ودووەم) نموونـە دەرهێنـرا بـە بـەکارهێنانی هاوکێشـەی پێرسـون بـەرێژەی (%٨٧)،ئەمـەش واتـا بڕگـەکان بەشـێوەیەك گونجـاوی دەرخسـت بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکە .

**٧.٣.جێبەجێکردنی ئامرازەکە:**

لە پاش دڵنیابوون لە ڕاستگۆی ونەگۆری ئامرازەکە توێژەر هەسـتا بـە جـێ بـە جێکردنـی ئـامرازی توێژینەوەکـە بەسـەر نموونـەی توێژینـەوەکە لەبەرواری(٢٠٢٤/٨) بۆیـە تـوێژەر بـۆ بـە ئەنجامـدانی توێژینەوەکـە کـە بـە

نزيکەی ماوەی مانگێك جێ بەجێکراو پێدانی کاتی وەڵام دانەوە بۆ هەر بەڕێوبەرێک ولەپاش وەڵامدانەوەی گەڕاندنەوەی فۆرمەکە، ، پاشان شیتەڵکردنیان بە پێی پێوەری دیاریکراو کە لە ڕاپرسیەکەدا دەست نیشان کراوە بەشێوەیەك کە(بەڵێ،تاڕادەیەک،نەخێر) بۆ ئاستی وەڵامدانەوە وپێدانی نمرە بۆ هەر ئاستێک بەپێی هاوکێشەی ئاماری ناوەندی شیاو وکێشی سەدی دەرهێناوە بەرامبەربەوەڵامی بەڕێوبەرەکان .

**٣.٨.ئامرازە ئامارییەکان:** تۆێژەر بۆ دەرهێنانی بڕگەکانی توێژینەوەو نەگۆری ئامراز ەکە بەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە دەبەستێت کەلەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا گونجاوە..

**١-هاوکێشەی پێرسۆن:**

ر = ن مج س ص – مج س × مج ص

{ن مج س٢ – (مج س)٢} {ن مج ص٢ - (مج ص)٢}

ر = هاوکێشەی پێرسۆن .

ن = ژمارەی کەسەکان .

س = ئەنجامی جێبەجێکردنی یەکەم .

ص = ئەنجامی جێبەجێکردنی دووەم .

مج = سەرجەم.

(رشيد،٢٠٠٢،لا١٠١ )

**٢- ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):** بۆ دەرهێنانی ناوەندی شیاو بۆ بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکان و فۆرمی تێبینیکردنی توێژینەوەکە بەکارهاتووە:

مج ت = مج ت (ت١ × ٣) + (ت٢ × ٢) + (ت٣ × ١) / مج ت

ت = دووبارە (تکرار)

مج ت = سەرجەم دووبارەکان (صبري، ٢٠٠٦:لا ١٠٦)

**بەشی چوارەم ٤.١. خستنەڕووشیکردنەوەی ئەنجامەکان:**

بۆ دەست نیشانکردنی ئاستەنگیەکانی پلانی ستراتیجی لە ناوەندەکانی خوێندن و،پشت بە ستن بە ناوەندی شیاو(الوسط المرجح)دیاریکرا بۆ هەر تەوەرو بڕگەو بوارێك،پێویستی بە ئەنجامدانی دەرخستنی ،پێوەرەکانی وەڵامدانەوە بە پلەی (بەڵێ،تاڕادەیەک،نەخێر) ،وەڵامدرایەوە هەروەك



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەبەشی سێیەمی توێژینەوەکە دا ئاماژەی پێدراوە خستەرووی ئەنجامەکان بە شێوەی خشتە خراوەتە ڕوو:

**١.١.٤تەوەری یەکەم :** خستنەرووی ئەنجامەکان تایبەت بەتەوەری یەکەم پێکهاتووە لە (١٠)بڕگە بە بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بۆ هەر بڕگەیەك بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی(٤-١)

| ژ | **بڕگەکانی ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ.** | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | گشتی | ناوندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .١ | نەگونجاندنی ژینگەی پۆل لە بە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا . | ١٦ | ٢٢ | ١٢ | ٥٠ | ٢,٣٣ | ٧٧,٦٦ | ٩ |
| .٢ | نارِوونی چەمکەکانی بەکارهاتووی بابەتەکە لە ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگروفیادا. | ٣٢ | ١٦ | ٢ | ٥٠ | ٢,٧٨ | ٩٢,٦٦ | ٢ |
| .٣ | قورسی پێشبینیکردنی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی نوێ سنووردار دەکات. | ٢٤ | ٢٣ | ٣ | ٥٠ | ٢,٧٨ | ٨٤ | ٤ |
| .٤ | نەبوونی ئاسانکاری گونجاو بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکان کە ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جێبەجێ دەکەن لەوانەی جوگرافیادا. | ٣٩ | ١١ | ٠ | ٥٠ | ٢,٤١ | ٨,٣٣ | ٦ |
| .٥ | جێ بەجێکردنی ستراتیجی وانەوتنەوەی جوگرافیا پێویستی بەهەوڵدانی زیاترە . | ٢٩ | ٢٠ | ٢ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٥ |
| .٦ | خوێندنگە بنەمای زانستیان نیە کە پلانی ستراتیژی وانەوتنەوەی لەسەر بنیات نرابێت. | ٢٣ | ٢٧ | ١ | ٥٠ | ٢,٨٤ | ٩٤,٦٦ | ١ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | جــــێ بەجێکردنـــــی ســتراتیجی وانەوتنەوەی جوگرافیـا ئامانجەکـانی قورس وئاڵۆزە. | ٣٨ | ١١ | ١ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٥ |
| ٨ | کەمـی پاڵپشـت کردنـی مــادی بــۆ بەکارهێنـانی ســتراتیجی وانەوتـنەوەی جوگرافیا. | ٢٤ | ٢٣ | ٣ | ٥٠ | ٢,٧٨ | ٨٤ | ٤ |
| .٩ | بەردەســــت نەبـــوونی ئامرازوتەکنەلۆجیــــا بـــۆ ســتراتیجی وانەوتـنەوەی نوێ جوگرافیا. | ٢٣ | ٢٧ | ١ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٥ |
| .١٠ | زۆربەی پلانــــــــدانانی ستراتیجی خوێندنگە بە بەفیرۆدانی کات دادەنێن بۆبابەتی جوگرافیا. | ١٦ | ٢٤ | ١٠ | ٥٠ | ٢,١٣ | ٧١ | ١٣ |

شیکردنەوەی تەوەری یەکەمی خشتەی ژمارە(٤-١) :
پرگەی (٦) ی ناوەندە شیاوی (٢،٨٤) وەکێشی سەدی (٩٤,٦٦)بەپلەبەندی یەکەم،تایبەت بە

خوێندنگەکان بنەمای زانستیان نییە بۆداهاتووکە پلانی ستراتیژی نوێ لەسەر بنیات نراوێت.

. پرگەی (٢) بەناوەنـدە شـیاوی (٧٨، ٢) وەکێشـی سـەدی(٩٢,٦٦) بەپلەبەنـدی دووەم کەم ناڕوونی چەمکەکانی بەکارهاتوو لە ستراتیجی وانەوتنەوە،واتادیارینەکردنی چەمکەکان وپۆلێن نەکردنیان،

برگەی (٣-٨) ناوەنـدی شـیاوی(٢,٧٨) وەکێشـی سـەدی (٨٤) بەپلەبەنـدی چـوارەم کـەمـی پاڵپشــت کردنـی مـادی بـۆ بەکارهێنـانی ســتراتیجی وانەوتـنەوەی جوگرافیـا.جێبەجێکردنی سـتراتیژی سـنووردار دەکـات لەهەڵبژاردنـی سـتراتیجی گونجـاو، پرگەکـانی(٥-٧-٩) ناوەنـدی شیاوی(٢,٤٣) وەکێشـی سـەدی (٨١) بەپلەبەنـدی پێنجەم ، جێ بەجێکردنـی سـتراتیجی وانەوتـــــنەوەی جوگرافیـــــا پێویســـــتی بەهەوڵـــــدانی زیـــــاترە . بۆبەدیهێنـــــانی ئامانجەپەروەردەیەکـان،دابینکردنی تەلنەلۆجیـایی زانیارییەکـانی سـەردەم. بـرگەی (٤) شیاوی(٢,٤١) وەکێشی سەدی (٨,٣٣) بەپلەبەندی شەشـەم، نەبوونی ئاسانکاری گونجاو بۆ ئەنجامـدانی چالاکیەکـان کە سـتراتیجی وانەوتـنەوەی نـوێ جێبەجـێ دەکەن لەوانەی جوگرافیادا.وادەکات بەشێوەیەکی جۆرراوجۆرنەخرێتەڕوو. پرگەی (١) بەناوەندە شیاوی (٢,٣٣) وەکێشی سـەدی(٧٧,٦٦) بەپلەبەنـدی نـۆیەم نەگونجانـدنی ژینگەی پۆل لە بە بەکارهێنـانی سـتراتیجی وانەوتـنەوەی نـوێ جوگرافیا،بەشـێوەیەکی ڕێکخراونیەبگونجێـت لەگەڵ ستراتیجیەکانی وانەوتنەوەدا برگەی (١٠) بەناوەنـدە شـیاوی (٢,١٣) وەکێشـی سـەدی(٧١) بەپلەبەندی سیانزەیەم زۆربەی پلاندانانی ستراتیجی خوێندنگە بە بەفیرۆدانی کات دادەنێن بۆبـابەتی جوگرافیـا،دابینەکردنی کـاتی گونجـاوبۆهەڵبژاردن وپێسکەشـکردنی سـتراتیجی وانەوتنەوەی جوگرافیابەمەبەستی تێگەشتنی قوتابیان.

٢.١.٤.تەوەری دووەم خستنەرووی ئەنجامەکان تایبەت بەتەوەری دووەم پێکهاتووە لە (١٠)پرگە بە بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بۆ هەر پرگەیەك بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی(٤- ٢)

تەوەری ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە پەیوەست بەمامۆستاوە:

| ژ | بڕگەکانی ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە پەیوەست بەمامۆستاوە . | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر | گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گرنگی نەدانی مامۆستا بە کۆرسەکانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی خوێندگەکان . | ٢٤ | ٢٣ | ٣ | ٥٠ | ٢,٧٨ | ٨٤ | ٤ |
| ٢. | کەمی کاتی مامۆستابۆ بەدواداچوونی پلانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا. | ٢٣ | ٢٧ | ١ | ٥٠ | ٢,٨٤ | ٩٤,٦٦ | ١ |
| ٣. | نەبوونی ئەزموونی مامۆستا لەهەنگاوەکانی بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ. | ٢٣ | ٢٥ | ٢ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٧ |
| ٤. | کەمی هاندانی مادی ومەعنەویی مامۆستا بۆبەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوە. | ٢٠ | ٢٦ | ٤ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٥ |
| ٥. | پابەندبونی مامۆستا بەشێوازی وانەوتنەوەی کلاسیکی بابەتی جوگرافیا . | ٦ | ٢٤ | ٢٠ | ٥٠ | ١,٧٤ | ٥٨ | ٢٠ |
| ٦. | نەبوونی دەست گەیشتن مامۆستا لەسەر مۆدێلەکانی ستراتیژی وانەوتنەوەی نوێ لەخوێندنگەو ژینگەی دەرەکی. | ٧ | ١٧ | ٢٦ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٧ |
| ٧. | زۆر سەرقاڵی مامۆستا بە کێشەکانی قوتابیان و دایکان و باوکان لەناوخوێندنگەدا. | ١٩ | ٢٧ | ٤ | ٥٠ | ٢,٧٨ | ٨٤ | ٤ |
| ٨. | پروانە بوونی مامۆستا بە سوودەکانی فێربوونی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی قوتابیان دا. | ٢٠ | ٢٨ | ٢ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٧ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .٩ | زۆریی ژمارەی وانەکان کە مامۆستا لە هەفتەیەکدا تەواوی دەکات. | ٣٢ | ١٦ | ٢ | ٥٠ | ٢,٦٠ | ٨٦,٦٦ | ٣ |
| .١٠ | بایەخ پێنەدانی بەڕێوبەروسەرپەرشتیاری پەروەردەی بە ئاراستەکردنی مامۆستابۆ ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا. | ٢٣ | ٢٧ | ١ | ٥٠ | ٢.٤٣ | ٨١ | ٥ |

شیکردنەوەی تەوەری دووەمی خشتەی(٤-٢)دا:

یرگەی (٢) ی ناوەندە شیاوی (٢،٨٤) وەکێشی سەدی (٩٤,٦٦)بەپلەبەندی یەکەم، نەبوونی ئەزموونی مامۆستا لەهەنگاوەکانی بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ خوێندنەوەی بۆ شێوازی نوی وانەوتنەوەکەمە،. بڕگەی (٩) بەناوەندە شیاوی (٦٠، ٢) وەکێشی سەدی(٨٦,٦٦) بەپلەبەندی سێیەم ، زۆریی ژمارەی وانەکان کە مامۆستا لە هەفتەیەکدا تەواوی دەکات ،پلانەکان بەشێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراونین لەخوێندنگەکاندا. بڕگەی (١-٧) ناوەندی شیاوی(٢,٧٨) وەکێشی سەدی (٨٤) بەپلەبەندی چوارەم، گرنگی نەدانی مامۆستا بە کۆرسەکانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی خوێندنگەکان. زۆر سەرقاڵی مامۆستا بە کێشەکانی قوتابیان و دایکان و باوکان لەناوخوێندنگەدا.دەبێتەهۆی ئەوەی مامۆستا دووربکەوێتەوەلە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ،. بڕگەکانی(٣-٦-٨-١٠) ناوەندی شیاوی (٢,٤٣) وەکێشی سەدی (٨١) بەپلەبەندی پێنجەم ، بڕوانە بوونی مامۆستا بە سودەکانی فێربونی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی قوتابیان دا،. بایەخ پێنەدانی بەڕێوبەروسەرپەرشتیاری پەروەردەی بە ئاراستەکردنی مامۆستابۆ ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا.وادەکات مامۆستا ئارەزووی نەبێت لە بەشداری ستراتیجی وانەوتنەوەدا. بڕگەکانی(٤) ناوەندی شیاوی(٢,٤٣) وەکێشی سەدی (٨١) بەپلەبەندی شەشەم، کەمی هاندانی مادی ومەعنەویی مامۆستا بۆبەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوە.نەبوونی پاداشت نەکردنی مامۆستابەرامبەر بەئەرکەکانی وانەوتنەوەی، بڕگەی (٥) ناوەندی شیاوی(١,٧٤) ٢وەکێشی سەدی (٨١) بەپلەبەندی بیستەم پابەندبونی مامۆستا بەشێوازی وانەوتنەوەی کلاسیکی بابەتی جوگرافیا لە دانانی زانیاریەکان وکەمی ئامانجە پەروەردەیەکان.

٤.٣.١.تەوەری سێیەم: خستنەرووی ئەنجامەکان تایبەت بە تەوەری سێیەم پێکهاتووە لە( ١١) بڕگە بە بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بۆ هەر بڕگەیەك بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی(٤-٣)
تەوەری ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە قوتابیانەوە دەخاتەڕوو

| ژ | برگەکانی ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە قوتابیانەوە | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر | گشتی | ناوندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .١ | قوتابیان وإڕاهاتوون پشت بە مامۆستابەستن لە شێوازەکانی فێرکردنی وانەوتنەوەدا. | ٢٠ | ٢١ | ٩ | ٥٠ | ٢,٣٩ | ٧٩,٦٦ | ٧ |
| .٢ | لاوازی توانای قوتابیان بۆ کارلێککردن لەگەڵ ستراتیجیەکانی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا دەخوازن لە ڕێگەی پەرتووکەوەبێت. | ٢٢ | ٢٦ | ٢ | ٥٠ | ٢,٤١ | ٨,٣٣ | ٦ |
| .٣ | کەمی پاڵنەری قوتابیان بۆ بەشداریکردن لە پلانێکی ستراتیژی وانەوتنەوەی نوێ. | ١١ | ٣٠ | ٩ | ٥٠ | ٢,٠٥ | ٦٨,٣٣ | ١٦ |
| .٤ | نەبوونی متمانە بەخۆبوونی قوتابیان لە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ. | ٤٣ | ٦ | ١ | ٥٠ | ٢,٣٩ | ٧٩,٦٦ | ٧ |
| .٥ | نەبوونی شارەزایی قوتابیان بۆ سوودەکانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی جوگرافیا. | ٢٥ | ٢٠ | ٥ | ٥٠ | ٢,٤١ | ٨٠,٣٣ | ٦ |
| .٦ | نەگونجاوی ستراتیجیەکانی وانەوتنەوەی جوگرافیا لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی گەشە و قۆناغی قوتابیان . | ٢٢ | ٢٥ | ٣ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٥ |
| .٧ | پروابوونی قوتابیان بە فێربوونی ستراتیجی نوێ کاتی زۆری دەوێت دەبێتەهۆی بێزاریان. | ٢١ | ٢٥ | ٤ | ٥٠ | ٢,٤١ | ٨٠,٣٣ | ٦ |
| .٨ | نەگونجاندنی فێربوونی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا لەگەڵ ژینگەی فێرکردنی قوتابیان دا. | ٢١ | ٢٣ | ٦ | ٥٠ | ٢,٣١ | ٧٧ | ١٠ |
| .٩ | نەبوونی پاداشت سەبارەت بە بەکارهێنانی | ١٠ | ٢١ | ١٩ | ٥٠ | ٢,٨٤ | ٩٤,٦٦ | ١ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ستراتیجی وانەوتنەوەی نوی جوگرافیا. | | | | | | | |
| ١٠ | گرنگی نەدان بەچالاکی گروپی بەقوتابیان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا. | ٩ | ٣٧ | ٤ | ٥٠ | ٢,٣٩ | ٧٩,٦٦ | ٧ |

شیکردنەوەی تەوەری سێیەم خشتەی(٤-٣)دا:

پرگەی (٩) ی ناوەندە شیاوی (٢،٨٤) وەکێشی سەدی (٩٤,٦٦)بەپلەبەندی یەکەم، نەبوونی پاداشت سەبارەت بە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوی جوگرافیا. پاداشتی مادی ومەعنەویی لە لایەن مامۆستاوە بەکارنایەت ، پرگەی (٦) بەناوەندە شیاوی (٤٣، ٢) وەکێشی سەدی(٨١) بە پلە بەندی پێنجەم ، نەگونجاوی ستراتیجیەکانی وانەوتنەوەی جوگرافیا لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی گەشە و قۆناغی قوتابیان،بەشێوەیەک هەڵنابژێرێت لەگەڵ توانا و تایبەتمەندیاندا بگونجێت . پرگەکانی (٢-٥-٧) ناوەندی شیاوی(٢,٤١) وەکێشی سەدی (٨,٣٣) بەپلەبەندی شەشەم، لاوازی توانای قوتابیان بۆ کارلێککردن لەگەڵ ستراتیجیەکانی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا دەخوازن لە ڕێگە ی پەرتووکەوەبێت.سوودی ئەوتۆیی نیە لەخوێندنی وانەکان و پرابوونی قوتابیان بە فێربوونی ستراتیجی نوێ کاتی زۆری دەوێت دەبێتەهۆی بێزاریان.. پرگەکانی(٨) ناوەندی شیاوی (٣٩، ٢) وەکێشی سەدی (٧٩,٦٦) بەپلەبەندی حەوتەم، نەگونجاندنی فێربوونی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ جوگرافیا لەگەڵ ژینگەی فێرکردنی قوتابیان دا.نەڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاوبۆ فێربوونی کارایی ستراتیجیەکان، پرگەی(٣) ناوەندی شیاوی(٢,٠٥) وەکێشی سەدی (٦٨,٣٣) بەپلەبەندی شانزەیەم، کەمی پاڵنەری قوتابیان بۆ بەشداریکردن لە پلانێکی ستراتیژی وانەوتنەوەی نوێ.پاڵنەری فێربوونیان زیاد ناکەن تاکوئارەزوویان بۆخوێندنی ستراتیجی زیاتربێت. پرگەکانی (١-٤-١٠) ناوەندی شیاوی(٢,٣٩) وەکێشی سەدی (٧٩,٦٦) بەپلەبەندی هەشتەم. قوتابیان وڕاهاتوون پشت بە مامۆستابەستن لە شێوازەکانی فێرکردنی وانەوتنەوەدا. نەبوونی متمانە بە خۆبوونی قوتابیان لە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ،وەگرنگی بەچالاکی وتەکنەلۆجیایی فێرکردن نادەن لە وانەکانیان دا.

**٤.١.٤.تەوەری چوارەم:** خستنەرووی ئەنجامەکان تایبەت تەوەری چوارەم پێکهاتووە لە (٦)پرگە بە بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بۆ هەر پرگەیەك بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی(٤-٤)

تەوەری ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە بەپرۆگرامی خوێندنەوە دەخاتەڕوو:

| ژ | پرگەکانی ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە بەپرۆگرامی خوێندنەوە | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر | گشتی | ناوندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لە شێوازی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ دوورە. | ٣٢ | ١٦ | ٢ | ٥٠ | ٢,٦٠ | ٨٦,٦٦ | ٣ |
| ٢. | نەگونجاندنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی جوگرافیا لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا. | ٩ | ٢٤ | ١٧ | ٥٠ | ٢,٤٨ | ٨١ | ٥ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .٣ | بابەتەکانی خوێندنی جوگرافیا زۆرن کە زەحمەتە بتوانرێت لە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ دا. | ١١ | ١٤ | ٢٥ | ٥٠ | ٢,٧٨ | ٨٤ | ٤ |
| .٤ | هەندێک ستراتیجی نوێ یارمەتیدەر نیە بۆ گەیشتن بە زانیاری لەگەڵ سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی پەرتووکی قوتابیان. | ٦ | ٢٩ | ١٥ | ٥٠ | ٣١،٢ | ٧٧ | ١٠ |
| .٥ | قورسی ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیا بۆ وەرگرتنی زانیاری ستراتیجی وانەوتنەوە. | ٧ | ٢٦ | ١٧ | ٥٠ | ٢,٣١ | ٧٧ | ١٠ |
| .٦ | جەختکردنەوەی بابەتەکان بەشێوازی تیۆری کەمی لایەنی پراکتیکی ستراتیجی وانەوتنەوە. | ١٧ | ٢٨ | ٥ | ٥٠ | ٢,٧٨ | ٨٤ | ٤ |
| .٧ | کەمی چالاکی فیرکردن لەناوەڕۆکی بەبەتەکە تایبەت بە ستراتیجی وانەوتنەوەی جوگرافیا. | ٢٣ | ٢٧ | ١ | ٥٠ | ٢,٤٣ | ٨١ | ٥ |
| .٨ | پەیڕەونەکردنی شێوازی هەڵسەنگاندن لەناوەڕۆکی بابەتە بۆستراتیجی وانەوتنەوە. | ٩ | ٣٨ | ٣ | ٥٠ | ٢,٣٩ | ٧٩,٦٦ | ٧ |
| .٩ | کەمی بەدواداچوونی بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیجی نوێ لەناوەڕۆکی پرۆگرامەکاندا | ٢٢ | ٢٤ | ٦ | ٥٠ | ٢,٣١ | ٧٧ | ١٠ |
| .١٠ | کەمی ئامڕازوکەرەستەی گونجاوبۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکە،بەشێوازی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ. | ٢٥ | ٢٠ | ٥ | ٥٠ | ٢,٨٤ | ٩٤,٦٦ | ١ |

تەوەری ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی جوگرافیا

تەوەری چوارەمی خشتەی(٤-٤)دا: بڕگەی (١٠) ی ناوەندە شیاوی (٢،٨٤) وەکێشی سەدی (٩٤,٦٦)بەپلەبەندی یەکەم، کەمی ئامڕازوکەرەستەی گونجاوبۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکە،بەشێوازی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ. بەهۆی دابینەکردنی پێداویستیەکان کاتی

گونجاوبۆئەنجام دانی. بڕگەی (١) بەناوەندە شیاوی (٦٠، ٢) وەکێشی سەدی(٨٦,٦٦) بەپلەبەندی سێیەم، بابەتەکانی خوێندنی جوگرافیا زۆرن کە زەحمەتە بتوانرێت لە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ دا.بەدوادانەچوون بۆ ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان دانانی پلانی گونجاوبۆ دابەشکردنی بەش ویەکەکانی،. بڕگەکانی (٣-٦) بەناوەندە شیاوی (٧٨، ٢) وەکێشی سەدی(٨٤) بەپلەبەندی چوارەم، بابەتەکانی خوێندنی جوگرافیا زۆرن کە زەحمەتە بتوانرێت لە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ دا.هەروەها زۆریان وادەکات تەنها گرنگی بەلایەنی تێۆری بدرێت کەمتر لایەنی پراکتیکی جێ بەجێ بکرێت. ، بڕگەکانی (٢-٧) بەناوەندە شیاوی (٤٨، ٢) وەکێشی سەدی(٨١) بەپلەبەندی پێنجەم، نەگونجاندنی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی جوگرافیا لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا. وەکەمی چالاکی فیرکردن لەناوەڕۆکی بابەتەکە تایبەت بە ستراتیجی وانەوتنەوەی جوگرافیا،بەشێوازێک دانەڕێژراون بابەتەکان لەگەڵ ستراتیجی و چالاکی وانەوتنەوەی جۆراوجۆرلەخۆبگرێت. ، بڕگەی (٨) بەناوەندە شیاوی (٣٩، ٢) وەکێشی سەدی(٧٩,٦٦) بەپلەبەندی حەوتەم. پەیرەونەکردنی شێوازی هەڵسەنگاندن لەناوەڕۆکی بابەتە بۆستراتیجی وانەوتنەوە.نەبوونی شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵسەنگاندن ودیاری نەکردنی لایەنی بەهێزولایەنی لاوازی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتەکە. بڕگەکانی (٤-٥-٩) بەناوەندە شیاوی (٣١، ٢) وەکێشی سەدی(٧٧) بەپلەبەندی دەیەم، هەندێک ستراتیجی نوێ یارمەتیدەر نیە بۆ گەیشتن بە زانیاری لەگەڵ سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی پەرتووکی قوتابیان، قورسی ناوەرۆکی بابەتی جوگرافیا بۆ وەرگرتنی زانیاری ستراتیجی وانەوتنەوە. بەهۆیی کەمی بەدواداچوونی بۆ پەیرەوکردنی ستراتیجی نوێ لەناوەڕۆکی پرۆگرامەکاندا.

## بەشی پێنجەم:

**٥. ١.دەرئەنجامەکان:** لەدەرئەنجامی بۆمان دەردەکەوێت کە:

١- خوێندنگەکان بنەمای زانستیان نیە بۆداهاتووکە پلانی ستراتیژ لەسەر بنیات نراوێت.

٢- نەبوونی ئەزموونی مامۆستا لەهەنگاوەکانی بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ .

٣- نەبوونی پاداشتی قوتابیان سەبارەت بە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوی جوگرافیا.

٤- کەمی ئامڕازوکەرەستەی گونجاوبۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکە.

**٢.٥.ڕاسپاردەکان:**

١. زیاتر بایەخ بە کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پسپۆری بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێ.

٢.پێویستی دابینکردنی سەرچاوەی ماددی ومەعنەوی بۆبەکارهێنانی ستراتیجی نوێ جوگرافیا.

٣.دابینکردنی ئامڕازوکەرەستەی گونجاولە بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی نوی جوگرافیا.

**٣.٥.پێشنیازەکان:** ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە بوارەجیاوازەکان وەك:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجی وانەوتنەوە لە خوێندنگەی ئامادەی.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە بنیاتنانی پرۆگرامێکی بۆ ستراتیجی وانەوتنەوە لە خوێندنگەکاندا.

٣. ڕۆڵی ستراتیجی وانەوتنەوە نوێ خوێندنگە لە بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا.


**<u>Sources: Sources of Information</u>:**

- Mohammed, Haider. (2011): Successful Teachers in Personality and Professionalism, Vol. 1, No. 1.
- Qarachatani, Karim Sharif (2008): Educational Psychology, Sulaimani Communication Press.

**<u>Sources in Arabic:</u>**

- Al-Agha, Haifa (2007): Ministry of Education and Higher Education, Palestine.
- Al-Hariri, Rafida (2007): Strategic Planning in the School System, Amman, Dar Al-Fikr.
- Al-Hammad, Ali (2006): Decision Making, Abu Dhabi, UAE, Elementary Thinking Center.
- Ambou Masadi, Muna Bint Mohammed (2012): Developing the Management of Basic Education Schools in the Light of the Strategic Planning Approach in the Sultanate of Oman, Unpublished Master's Thesis, University of Nizwa, Sultanate of Oman.

-Al-Sharari, Ashwaq Saleh and Washach Hani Abdullah (2016): Barriers to the Use of Modern Teaching Strategies Facing Female Home Economics Teachers in the Secondary Stage from the Perspective of Female Teachers in a Region.

- Abdulaziz Safa Mahmoud and (2015) Strategic Planning for the Development of Faculties, Paper Introduction to a Workshop
- Ghoneim, Othman (2001): Planning: Foundations and General Principles, Second Edition, Dar Reda for Publishing and Distribution: Amman.
- Ghneima, Mohammad Metwally (2005): Educational Planning, Dar Al-Masira, Amman, Jordan.

Latif, Amer Mugheer (2020): Challenges Facing Geography Studies in the Implementation of Teaching Strategies in the Journal of the Faculty of Education and Wasit University.

- Mohammed, Ahmed Ali Al-Hajj (2000): Educational Planning in a New Development Approach Framework, Amman.

Murad, Hossam Ibrahim (2020): Barriers to Educational Research from the Viewpoint of Postgraduate Students at the Faculty of Ranks, University of Damietta in the Light of Some Variables, Educational Journal, No. 89.

Maashi, Muhammad bin Ali Masawi. (2013): Academic, Psychological, and Social Problems in Jazan University's Application in the Light of Some Variables, Journal of Education, Al-Azhar University, Egypt.

Hadar, Salim Mustafa (2023): Difficulties in Implementing Teaching Strategies in Light of the Competency Approach from the Perspective of the Inspector of Educational Training, Volume 70: Issue: